لەپەراوێزی پرۆسەی ڕەشنوسی دەستوری هەرێم :

# بەپێی دەستوری هەرێم ،کەرکوك،نەقودسەونەدڵی کوردستانیشە

کامەران ئیسحاق پەری /سوید

2006 .10. 23

دەقی ماددەی دووی دەروازەی یەکەمی بنەماسەرەکییەکانی دەستوری هەرێم لەمەڕچارەنوسی ناوچەدابڕاوەکانی هەرێم.

**دووەم** : **بۆدیاری کردنی سنوری کارگێڕی هەرێمی کوردستان پشت بەمادەی** 140**ی دەستوری فیدڕاڵی دەبەسترێت**

**سێیەم : ڕۆڵەکانی ئەوناوچانەی کەلەهەرێمی کوردساتان دابڕێندراون،هەرکاتێک بەپێی حوکمی ماددەی** 140 **ی دەستوری فیدڕاڵ گەڕێندرانەوەبۆی ،ئەوکاتەوەکوهەمووڕۆڵەکانی گەلی کوردستان سوودمەنددەبن بەیەکسانی،لەومافونەرکونەودەستە بەریانەی لەم دەستورەدادەقنوس کراوە.**

بۆئەوەی کەرکوک لەبیروهزری کورددا بەدۆڕاوی خۆی نەبینێتەوە....!؟

سالآنێکەکوردلەپێناوڕزگاری گەلی کوردبەچەندین شیوازی خەباتوتێکۆشان دەجەنگێت.لەوپێناوەشدابەهەزاران شەهیدوقوربانی وگیانفیدای بەخشیوە،لەنێوئەم خەباتەدرێژونەپساوەشیدا(کەرکوک) مەلەفێک بوەهەمیشەلەپێشەنگی مەلەفەپرشنگدارەکانی هۆی خەباتی بێوچانی کوردبوە،لەوەش زیاترهەرئەم کەرکوکەلەچەندین بۆنەوهەگبەی تێکۆشانەدانەبڕاوەکەیدابۆتەخاڵی بەهێزولاوازی دوژمنانونەیارانی مافەڕەواکانی گەلی کورد،کەتیایدابەچەندین شیوازی پیسوچەپەڵ هەوڵدراوەکوردییەتی کەرکوک بسڕن، بەو ئومێدەی کەکەرکوک بەدرێژایی زەمەن کوردییەتی خۆی لەدەست بداتوئەبێتەناوچەیەکی مەحرەمومەلەفێکی لەبیرکراو، تابەرلەڕوخاندنی قەڵاوشورای ستەمکاریش ئەم خەونەبەشێکی زۆری لەواقیعی کەرکوکوناوچەڕزگارنەکراوەکانی ژێردەستی بەعسیان،لەسەرئەرزی واقیع بەدی ئەکرا،بەڵام ئەمەهەتاسەرنەبوو.کەرکوک بۆیەکەمین جارخواخۆشی ویستولەمێژووی خەباتی نوێی بزاڤی ڕزگاری خوازی کوردلەسونبولودروشمیکی بریقەدارهاوشانی هەموئێراق لەسەردەستی هێزەهاوپەیمانەکان بوەشارێکی ڕزگارکراوتائاستێکیش ئازادیوسەربەخۆیی بەخۆوەبینی.لەومێژووەشەوەئەتوانم بڵێم شەرکردن لەسەرکەرکوک ڕێچکەودیڤاکتۆی تری بەخۆبینی.هەگبەیەک هاتەپێشەوەکەپێویستی بەهێزی چەکداری نەئەکردبۆڕزگارکردنی کەرکوک،دروشمو مەنشوراتوخەباتی نهێنی ودانوستان نەئەکردبۆگەراندنەوەی. بگرەپێویستی بەهەڵخستنودەرخستنی هەق ومافو فەرهەنگو کلتورو شارستانیە تیوکوردییەتی کەرکوک ئەکردبۆگەڕانەوەی بۆباوەشی هەرێم.کەبەداخەوەکوردلەهەندێکی ئەومەهامە نیشتیمانییە تائەندازەیەک کەم تەرخەموخەمساردی ئەنواند،بەڕای منوزۆرێک لەوانەی کەبەئاگان لەبارودۆخی ساتەکانی یەکەمی ڕزگارکردنی کەرکوک ئەگەرزیادڕەوی نەبێت ئەتوانم بڵێم ئەکراکێشەوچارەنوسی کەرکوک لەحەفتاودووکاتژمێری ئەوەڵی وروژم هێنانی پێشمەرگەبۆی یەکلابکرایە،بەڵام ئەمەنەکراولەبری ئەوەپەنابرایەئەورێگەوهەوڵانەی کەزۆرێکمان ئەزانین ،سەرکە وتنێکی ئێجگارزۆرمان تیاتۆمارنەکرد..لەگەڵ ئەوەشداگوتمان قەیدی ناکەسەندنەوەی هەق هێندێک جارسەبری پێویستە، ژێری وسیاسەتوحینکەی گەرەکە،ناشبێت لەبەربەشێکی کوردستان هەمووئەزمونوخەباتەکەبکەینە قوربانی،دواتریش لەسەرمادەی 140ی دەستوری فیدراڵی کەبۆیەکلاکردنەوەی کێشەکەهێنراوەتەکایەوە.ڕازی بووین،بەڵام ئەوەی کەپێویستە لەسەری ڕازی نەبینوقبوڵیشمان نەبێت ئەوەیەکەئەومادەیە تاقەچەکوئەڵتەرناتیڤ بێت بۆیەکلاکردنەوەی چارەنوسی کەرکوک.ڕیگای تر بەدەستەوەنەمێنێت بۆهەڵبژاردن.

دیارەباسکردنی ناوچەدابڕێنراوەکان لەهەرێمی کوردستان هەرکەرکوک ناگرێتەوەبەڵام کەرکوک لەبەرئەوەی بۆتەسونبولی خەباتوتێکۆشانی کۆنونوێمانبۆیەزیاترجەخت لەسەرکەرکوک دەکەین،لەڕاستیشدامافوڕۆڵی ناوچەکانی تریش هیچی لەکەرکوک کەمترنییەئەگەرزیاترنەبێت باسکردنی کەرکوک وناوچەدابڕاوەکانوبەستنەوەی چارەنوسیان بەمادەی 140 دەستوری فیدراڵی جێگەی سەرنجوتێرامانێکی گەورەیەوە پێویستەلەسەری بدوێین.ولەسەری بێدەنگ نەبین،بەپێی بڕگەی دووەموسێیەمی ماددەی دەەوم لەدەستورهیچ مافێک بۆهەڵبژاردنی ئەڵتەرناتیڤی ترلەبەردەم کوردێکی دابڕاوولەبەردەم تەواوی پرۆسەکە.پرۆسەی گەڕاندنەوەی ناوچەدابڕاوەکان لەهەرێم نەماوە،.خەباتی کوردیش لەهەوڵوتێکۆشانی بۆگەڕاندنەوەی کەرکوک لەوئاستەدا دەوەستێتوئیدی ئەوەی ئەومادەیەساغی بکات کاری پێدەکرێت هیچ ئاماژەیەکیش بۆهەولوهەنگاوی تروئەگەری نەگەڕانەوە نەکراوە...کەلەڕاستیداپێناچێت گەڕاندنەوەی کەرکوک لەسەردەستی ئەوڕاپرسییەبێت کەبڕیارەلەساڵی داهاتودابکرێت.ئەوەی کەئیستاش بەم حاڵوباڵەی کەرکوک بەدی ئەکرێت کورد لەڕیفڕاندۆمی سەبارەت بەدیاری کردنی مافی چارەی خۆنوسینی

کەرکوک،دۆراندویەتی...چونکەجگەلەشوێنەواروجێماوەخراپەکانی کۆنی ڕژێمی بەعسوپەیرەوکردنی سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزی کەبۆزیاترلەچارەگەسەدەیەک دەرهەق بەکوردەکانی کەرکوک دەکرائەمڕۆکەلەئاست ڕازیکردنوبەستنی هاوپەیمانییەتی،لەگەڵ کەمایەتیەکانی تری کەرکوک هێندەسەرکەوتونەبووە.هەمووشمان ئاگاداری هاوپەیمانییەتیوچپەچپی یەکگرتنی تورکمانوعەرەبی هاوردەوبەشێک لەکلدوئاشورییەکانەبۆدەنگدان لەدژی گەڕانەوەی کەرکوک بۆهەرێمی کوردستان..خۆئەگەرهاوپەیمانیەتیش لەدژمان نەبەستن کوردبەم ژمارەوڕێژەیە(دەنگەپێویستەکان)بۆبردنەوەی ئەوشەڕەبەدەست ناهێنێت....لەگەڵ ئەوەشداگریمان من بەهەڵەداچوبێتموئەم تێڕوانینەدورەلەڕاستی...باشەئەبێت ئەوهەستەچۆن بێت لەلای کوردێکی کەرکوکی،لەحاڵەتی یەکلانە کردنی ئەندامیەتی بۆکۆمەڵگایەک کەپێێ ئەوترێت کۆمەڵگای کورد،کەپێێ بڵێم تۆهیچ مافێکت نییەلەبەرئەوەی تۆلەڕاپرسی یەکدالەبەرهەرهۆیەک بێت دۆڕاندوتەوبەهاوڵاتتەیکی کوردت حساب ناکەم...وناتوانیت سودمەندبیت لەم دەستورەکەبۆهاوڵاتیانی هەرێم دانراوە.ئەوهەرێمەی کەبەخوێنی شەهیدانی هەزارەهان کەرکوکی هاتۆتەکایەوە...موزایەدەکردن بەسەرمافی کوردیەتی کەرکوکییەکان لەداهاتوولەئەجندەی نەوەی نوێی خەباتگێڕانی کوردڕەنگەبۆخیانەتێکی نیشتیمانی وەربگێرێت...ئەکرالەپاڵ ئەودووبڕگەیەبڕگەیەکی تربۆڕێنوسەکەزیادبکرایەوبوترایە(خۆئەگەرکەرکوک لەوراپرسییەدانەتوانرابخرێتەسەرسنوری کارگێری هەرێم ئەواکوردلەسەریەتی ڕێگای تربۆگەڕاندنەوەی بگرێتووهاونیشتیمانیانی کەرکوکیش هەموومافوسوودمەندییەکیان پێ دەدرێت...وەئەم ڕێنوسە ئەزعەفوالئیمانە لەمافدان بەناوچەدابڕاوەکانی هەرێم..کەرکوکییەکان لەوبێبەشکردنەلەوزەوتکرنەلەمافی هاوڵاتیەتی هەرێم هێندەزەرەرمەندنابن لەبەرئەوەی مافەکانیاین لەچوارچێوەی دەستوری فیدراڵی پارێزراوە.ئەوەی کەلەم کەینو بەینەدازەرەرمەندئەبێت کوردخۆیەتی کوردوەک مییلەتێک خۆی بەدرۆئەخاتەوەلەبەرامبەرهەمووئەوپیرۆزیانەی کەلەپێناو کەرکوک سەردەمانێکەدەیبەخشێت.. ڕابەڕانی هۆشمەندی بیری سیاسی هاوچەرخی کوردبەنیازن‌بەم کارە پشت لەکەرکوک بکەنودەستی لێهەڵگرن خۆئەگەروابوایەئەوالەپێش چارەگەسەدەیەک کوردئەیتوانی بەئۆتۆنۆمیوبەیانی یازدەی ئازارقبوڵ بێتو ئەم هەرایەشی لەسەرکەرکوک نەکردایە...لێرەوەلەم سەکۆیەوەجێگەی خۆیەتی بانگێشەیەک بکەینوبڵێن بائەگەربۆتەنهایەکجار یش بێت ئێمەبۆکەرکوک بسوتێین...دەنگێکمان لێبێت سوتاندن بەومانایەناخۆمان لەپێناونەوتەکەی بۆبەکوشت بدەین نەخێر. بەڵکودەنگهاتن بەومانیەیی لەئاست گەورەیی بەڵێنوگوتارودروشمەکانی خەباتی نیشتیمانیمان ڕاستگۆبین.باکارێک نەکەین تیایدا کەرکوک لەبیروهزری کورداخۆی بەدۆڕاوی ببینێتەوەدواتریش بەم دەستورەبەم تێفکرینەبڵێن ئەگەروابێت ئەوا...کەرکوک نەقودس ونەدڵی کوردستانیشە.